# ئەرکەکانی بزووتنەوەی ژنانی کرێکار لە کۆماری سۆڤێتیدا

لینین

ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە چوارەمین کۆنفرانسی ژنانی کرێکاری غەیرە حیزبیی شاری مۆسکۆ, لە 23 ئەیلولی ساڵی 1919 خوێندرایەوە (1)

هاوڕێیان, خۆشحاڵم کە بەخێرهاتنی کۆنفرانسی ژنانی کرێکار ئەکەم. ڕێگە بە خۆم ئەدەم کە نەچمە سەر مەسەلە و بابەتگەلێك کە هەنووکە مێشکی هەر ژنێکی کرێکار و هەر کەسێکی وشیاری نێو جەماوەری زەحمەتکێش داگیر کردووە. ئەوانە گرنگترین مەسەلەکانن, ئەویش مەسەلەی نان و هەلومەرجی جەنگە. من لە ڕاپۆرتی کۆبوونەوەکانتانەوە کە لە ڕۆژنامەکاندایە, ئاگاداری ئەوە هەم کە , ئەم مەسەلانە لە لایەن هاوڕێ ترۆتسکی_ ئەوەندەی بە مەسەلەی جەنگەوە پەیوەستە_ و هاوڕێیان یاکوڤلیڤا و سڤیدرسکی_ ئەوەندەی بە مەسەلەی نانەوە پەیوەستە_ بە شێوەیەکی تێروتەسەل خراونەتە ڕوو. لەبەر ئەوە, بە داوای لێبوردنەوە, من ناچمە سەرباسی ئەو دوو مەسەلەیە.

ئەمەوێ چەند وشەیەکتان سەبارەت بەو ئەرکە گشتییانە پێشکەش بکەم کە لە کۆماری سۆڤێتیدا, ڕووبەڕووی بزووتنەوەی ژنانی کرێکار ئەبنەوە. چ ئەو ئەرکانەی کە بە شێوەیەکی گشتی, پەیوەستە بە گوێزانەوە بۆ سۆسیالیزم, چ ئەوانەی ئەرکی دەسبەجێن و لە پلەی یەکەم دان.





هاوڕێیان! مەسەلەی باری ژنان هەر لە دەسپێکەوە لە لایەن دەسەڵاتی سۆڤێتییەوە هێنراوەتە گۆڕ. ئەوە بە خەیاڵمدا دێت کە هەر دەوڵەتێکی کرێکاریی, لە ڕەوتی تێپەڕینیدا بۆ سۆسیالیزم ڕووبەڕووی ئەرکێکی دوانەیی ئەبێتەوە. بەشی یەکەمی ئەم ئەرکە تا ڕادەیەك سادە و ئاسانە, کە پەیوەستە بەو یاسا کۆنانەی ژنی لە جێوڕێیەکی نابەرابەر لەگەڵ پیاواندا داناوە.

هەر لە مێژووە, نوێنەرانی گشت بزاڤە ڕزگارییەخشەکان لە ئەورووپای خۆرئاوا, نەك لە دەیان ساڵەوەیە, بەڵکوو لە سەدان ساڵەوەیە, خواستی هەڵوەشاندنەوەی ئەم یاسا پەرتوکاوانە و بەرابەری ژن و پیاویان لە یاسادا تەرح کردووە, بەڵام هیچ کام لە دەوڵەتە دێموکراتیکە ئەورووپاییەکان و هیچ کام لە دەوڵەتە کۆمارییە پێشکەوتووەکان نەیانتوانیوە پیادەی بکەن, چونکە تا ئەو دەمەی سەرمایەداری لە ئارادابێت, تا ئەو دەمەی خاوەنداریێتی تایبەتی بۆ زەویوزار و کارخانەکان لە ئارادابێت, تا ئەو دەمەی دەسەڵاتی سەرمایە لە ئارادا بێت, پیاوان خاوەن ئیمتیاز ئەبن. لە ڕوسیادا, پیادەکردنی ئەوانە لە توانادا بوو, چونکە ڕێك لەبەر ئەوەی, لە 25ی ئۆکتۆبەری 1917دا دەسەڵاتی کرێکاریی دامەزرا. هەر زۆر لە سەرەتاوە, دەسەڵاتی سۆڤێتی, بە مەبەستی جێگیرکردنی دەسەڵاتی زەحمەتکێشان, واتە دژایەتیکردنی هەر چەشنە وەبەرهێنانێك, هاتۆتەکایەوە. دەسەڵاتی سۆڤێتی, لەنێوبردنی هەر جۆرە توانایییەك بۆ وەبەرهێنانی زحمەتکێشان لە لایەن دەرەبەگ و سەرمایەدارانەوە و لەنێوبردنی باڵادەستیی سەرمایە, بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ. دەسەڵاتی سۆڤێتی تێکۆشاوە بۆ ئەوەی

زەحمەتکێشان بتوانن زیندەگی خۆیان بە بێ خاوەنداریێتی تایبەتیی زەوی, بە بێ خاوەنداریێتی تایبەتیی کارگا و کارخانەکان, بنیات بنێن. ئەو خاوەنداریێتییە تایبەتییەی کە لە هەموو شوێنێك, لە گشت دنیا, تەنانەت لەو جێگایەی کە ئازادی سیاسی کاملیش لە ئارادایە, تەنانەت لە دێموکراتیترین کۆمارەکاندا, هەژاری و کۆیلایەتی کرێگرتە و بەسەر ژنانیشەوە کۆیلایەتی دوولایەنە دەسەپێنێ.

دەسەلاتی سۆڤێتی, یانی دەسەلاتی زەحمەتکێشان, هەر لە یەکەمین مانگەکانی دەستبەکاربوونییەوە, شۆڕشێکی یەکلاکەرەوەی تا ئەوپەڕی, لە یاساکانی لەمەڕ ژنانەوە بەرپاکرد. تێکڕای ئەو یاسایانەی کە ملکەچیی بەسەر ژناندا ئەسەپێنن, داری بەسەر بەردییەوە نەما. من بە دیاریکراوی مەبەستم لە یاساگەلێکە کە لە جێگەوڕێگەی لاوازتری ژنان, بە خراپ کەڵك وەردەگرێ و نابەرابەری بەسەردا ئەسەپێنێ, بەڵکوو هەندێك جار حاڵەتی زەلیلیشی بەسەردا ئەسەپێنێ, واتە ئەو یاسایانەی کە پەیوەستە بە تەڵاق, بە منداڵانێك کە لە دەرەوەی ژن و شوویی (منداڵانی ناشەرعی) درووست ئەبن, بە مافی ئەو ژنانەی کە سکاڵایان لە باوکی منداڵەکانیان هەیە, بۆ دابینکردنی خەرجی منداڵەکانیان.

ئێمە ئەمڕۆ ئەتوانین بە شانازییەوە, بە بێ هیچ زێدەگوتنێکەوە بڵێن کە, جگە لە ڕوسیای سۆڤێتی هیچ وڵاتێکی دیکە نییە کە تیایدا ژنان لە یەکسانی تەواو بەهرەمەند بن و ژنان بەهۆی سوکایەتی, کە بە تاییەت لە ژیانی ڕۆژانەی خانەوادەییدا هەستی پێ ئەکرێت, نەناڵێنێ. ئەمە یەکێکە لە یەکەمین و لە گرنگترین ئەرکەکانمان.





ئەگەر هەلێکتان بۆ هەڵکەوێت کە لەگەڵ ئەو حیزبانەی وا دوژمنی بۆڵشەویکەکانن, هەڵسوکەوت بکەن, ئەگەر ئەو ڕۆژنامانەی کە بە زبانی ڕوسی, لەو ناوچانەی کە کولتشاك (2) یان دینیکین (3) داگیریان کردوون دەرئەچن, بکەونە بەردەستان, یان ئەگەر بە ڕێکەوت لەگەڵ کەسانێکیدا, کە لەگەڵ تیڕوانینی ئەو ڕۆژنامانەدان, کەوتنە قسەوە, ئەشێت زۆر جار ئەو تۆمەتەیان لێوە ببیستن کە دەسەلاتی سۆڤێتی دێمۆکراسی پێشێل کردووە.

ئێمە, نوێنەرانی دەسەلاتی سۆڤێتی, کۆمۆنیستە بۆڵشەویکەکان و پشتیوانانی دەسەلاتی سۆڤێتی, هەمیشە بە پێشێلکاری دێمۆکراسی تۆمەتبار ئەکرێین, بەڵگەشیان بۆ ئەمە, وەبیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە دەسەلاتی سۆڤێتی, ئەنجومەنی دامەزرێنەران (مجلس مؤسسان, الجمعية التاسيسية)ی هەڵوەشاندەوە (4). ئێمەش هەروەکوو باوە,ئەم تۆمەتە, بەم جۆرە وەڵام ئەدەینەوە کە: ئەو دێموکراسییە و ئەو ئەنجومەنی دامەزراندنە لە وەختێکدا پەیدا بوون کە خاوەنداریێتی تایبەتی بۆ زەویوزار لە ئارادابوو, ئەو دەمەی کە یەکسانی لە نێوان خەڵکیدا نەبووە, ئەو دەمەی کە ئەگەر کەسێك خاوەنی سەرمایە بووبێت سەردار و ئەوانی تریش بۆ ئەو کاریان کردووە و کۆیلەی کرێگرتە بوونە,_ ئەم جۆرە دێمۆکراسییە لە ڕوانگەی ئێمەوە هیچ جۆرە بەهایەکی نییە. دێمۆکراسییەکی ئالەو جۆرە, کۆیلایەتی, تەنانەت لە پێشڕەوترین وڵاتانیشدا, پەردەپۆش ئەکات. ئێمە سۆسیالیستەکان تا ئەو جێگایە پشتیوانی لە دێمۆکراسی ئەکەین, کە وەزعی زەحمەتکیشان و چەوساوەکان سوك بکات. سۆسیالیزم, تێکۆشان لە

دژی هەر چەشنە وەبەرهێنانێکی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە لە تەواوی جیهاندا, بە ئەرکی خۆی دەزانیٚ. بەلای ئیٚمەوە, دیٚمۆکراسییەکی لەو جۆرە کە لە خزمەتی وەبەرهێنراوان و ستەملیٚکراواندا بیٚت, بەهایەکی ڕاستەقینەی هەیە. ئەگەر ئەو کەسانەی کە کار ناکەن, لە مافی هەڵبژاردن مەحروم کران, ئەوا ئەوە بە فیعلی, یەکسانی ڕاستەقینەی نیٚوان خەڵکە. ئەوەی کار نەکات, ئەبیٚت نەخوات.

ئیٚمەلە وەلامی ئەم تۆمەتانەدا ئەڵیٚین کە, پیٚویستە ئەو مەسەلەیە بەم شیٚوەیە بخریٚتە ڕوو: بە چ شیٚوەیەك دیٚمۆکراسی, لەم ولٚات یان ئەو ولٚات, پیادە ئەکریٚت؟ ئیٚمە لە گشت کۆمارە دیٚموکراتەکاندا ئەبینین کە یەکسانی ڕاگەیەنراوە, بەلٚام لە یاسا مەدەنییەکان و لە یاساکانی مافی ژناندا, کە پەیوەستە بە جیٚگاوڕیٚگای ژن لە خیٚزان و پەیوەستە بە تەلاقەوە, نایەکسانی و سوکایەتی ئەبینین. ئیٚمە ئەڵیٚین ئەمە پیٚشیٚلکردنی دیٚمۆکراسییە, بە تایبەت لە بەرانبەر ستەملیٚکراواندا. دەسەلٚاتی سۆڤیٚتی, زیاتر لە هەر یەکیٚك لە پیٚشکەوتوترین ولٚاتانی دیکە, دیٚمۆکراسی بەجیٚگەیاندووە, چونکە لە یاساکانیدا, هیچ شویٚنەواریٚك لە نایەکسانی ژنان نەماوەتەوە. من دووبارەی ئەکەمەوە کە, هیچ دەوڵەتیٚکی دیکە و هیچ (ئەنجومەن) یاسادانەریٚکی دیکە, نیوەی ئەوەی کە دەسەلٚاتی سۆڤیٚتی لە مانگەکانی یەکەمی دەستبەکاربوونیدا بۆ ژنانی کردووە, ئەنجامی نەداوە.

هەڵبەت, یاسا بە تەنها بەس نییە, هەروەها بۆ ئیٚمە بە هیچ جۆریٚك, پەسەندکراوەکان (مرسوم) بە تەنها بەس نین. بەلٚام لە بواری یاسادا, هەر شتیٚك بۆ بەرابەری ژنان لەگەڵ پیاوان لە ئیٚمە دەخوازیٚت, کردومانە و مافی





خۆمانە شانازییان پیٚوە بکەین. باری ژنان لە ڕوسیای سۆڤیٚتی بە بەراورد لەگەڵ پیٚشکەوتوترین ولٚاتاندا, نموونەییە. بەلٚام ئیٚمە بە خۆمان ئەڵیٚین کە ئەمە بیٚگومان, تەنها دەسپیٚکی کارە.

ژنان بەهۆی سەرقاڵییان بە کاری ناوماڵەوە, هیٚشتا هەر بەستراوەن. بۆ ڕزگاریی یەکجارەکی ژنان و بەرابەریی ڕاستەقینەیان لەگەڵ پیاوان, پیٚویستە ماڵداری سۆسیالیزە (اقتصاد اجتماعي عام) بکریٚتەوە و ژنان لە کاری بەرهەمهیٚنەری گشتیدا بەشداری بکەن. ئەوسا جیٚگەوڕیٚگەی ژنان وەك هی پیاوانی لیٚ دیٚت. هەڵبەت ئیٚمە لیٚرەدا مەبەستمان لە یەکسانی, بارهیٚنانی کار (انتاجية العمل), ڕادەی کار, ماوەی کار و هەلومەرجی کار...هتد. نییە, بەڵکوو مەبەست ئەوەیە کە ژنان بە پیٚچەوانەی پیاوانەوە, بەهۆی جیٚگاوڕیٚگای ئابوورییانەوە نەچەوسیٚنەوە. ئیٚوە هەموو ئەوە دەزانن, تەنانەت لەو کاتەیدا کە ژنان مافی تەواو و کامڵیشیان هەیە, هەر ژیٚردەست و بەستراوەن, چونکە تەواوی کاری نیٚوماڵیان لە ئەستۆ گرتووە. ئەم ماڵدارییەش, لە زۆربەی کاتدا, بیٚبەرهەمترین کار, بیٚڕەحمانەترین و سەخترین کاریٚکە کە ژنیٚك ئەنجامی ئەدات. ئەم کارە لە ڕادەبەدەر پوچ و بچوکە و هیچ شتیٚکی وای تیٚدا نییە کە کۆمەك بە پیٚشخستنی ژن بکات.

ئیٚمە ئەمانەویٚ بە پیٚداگرتن لەسەر ئایدیاڵی سۆسیالیستی, بۆ جیٚبەجیٚکردنی کامڵی سۆسیالیزم خەبات بکەین, لیٚرەدا بواریٚکی زۆر گەورەی کار بۆ ژنان ئەکریٚتەوە. ئیٚمە هەنووکە بە جیدیی ئامادەی زەمینەخۆشکردنین

بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم, بەڵام بنیاتنانی سۆسیالیزم تەنها ئەو دەمە دەستپێئەکات کە یەکسانی تەواوەتی مافی ژنانمان بەدەستهێنا و لەگەڵ ژنانێك کە لەو کارە پوچ و بێبایەخ و بێبەرهەمە ڕزگاریان بووە, کارێکی نوێ لە ئەستۆ بگرین. ئەم کارە نوێیە ساڵەهای ساڵی گەرەکە.
هەروەها ئەم کارە ناکرێت بەرئەنجامی خێرای لێ دەرکەوێ و کاریگەریی بریسکەداری هەبێت.
ئێمە دامەزراوەی نموونەیی, واتە, چێشتخانە و دایەنگەگەلێك دائەمەزرێنین کە ژنان لە ماڵداری ڕزگار بکات. لێرەدا, کاری ڕێکخستنی ئەم دامەزراوانە بە شێوەیەکی گشتی لە ئەستۆی خودی ژناندایە. پێویستە پێ لەوە بنێین کە, نموونەی ئەو دامەزراوانەی کۆمەك بە ژنان ئەکەن, بۆ دەربازبوونیان لە کۆیلایەتی ماڵ, یەکجار کەمن. ژمارەیان کەمە, بارودۆخێکیش کە ئێستا ڕوبەڕووی کۆماری سۆڤێتی بۆتەوە_ واتە بارودۆخی جەنگ و خۆراك, کە هاوڕێیان بە درێژی قسەیان لەسەر کرد_ کۆسپن لە ڕێگای ئەم کارەماندا.
بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا پێویستە بڵێین, ئەو دامەزراوانەی کە ژنان لە دۆخی کۆیلەی ماڵداری دەرئەهێنێ, هەرکاتێك بچوکترین توانایيەك هاتەدەست, دەرئەکەوون.
*ئێمە ئەڵێین, ڕزگاریی کرێکاران ئەبێ لە لایەن خودی کرێکارانەوە بە ئەنجام بگات , ڕێك بە هەمان شێوە, ڕزگاریی ژنانی کرێکاریش ئەبێ لە لایەن خودی ژنان خۆیانەوە بە ئەنجام بگات.* ژنانی کرێکار ئەبێ خۆیان چاودێری پەرەسەندنی ئەو دامەزراوانە بن, ئەم چالاکییە ئاڵوگۆڕێکی





گشتلایەنە لە دۆخی پێشووی ژنان کە لە ژێر سایەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا بوو, پێکئەهێنێ.
لەژێر سایەی کۆمەڵگەی پێشووی سەرمایەداریدا, کاری سیاسی, پێویستی بە پەروەردەی تایبەتی هەبوو, هەربۆیە بەشداری ژنان لە سیاسەتدا, تەنانەت لە پێشکەوتووترین و ئازادترین وڵاتانی سەرمایەداریدا, بەشدارییەکی کەم و پوچ بوو. ئەرکی ئێمەیە کە, سیاسەت لە بەردەستی هەر کرێکارێکی ژندا دابنێین. لەو کاتەوەی کە خاوەندارێتی تایبەتی زەوی و کارخانەکان هەڵوەشاونەتەوە و دەسەڵاتی ملکداران و سەرمایەداران سەرنگوون کراوون, ئەرکەکانی سیاسەت بۆ زەحمەتکێشان و ژنانی کارگەر سادە, ڕۆشن و شیاوی تێگەییشتنە. لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ژنان, بە جۆرێك لە مافەکانیان بێبەشن کە بەشداریکردنیان لە سیاسەت بە بەراورد لەگەڵ پیاوان شتێکی هیچە. بۆئەوەی ئەم هەلومەرجە بگۆڕێت, پێویستە دەسەڵاتی زەحمەتکێشان دابمەزرێ, ئەو دەمە ئەرکە بنچینەییەکان لە مەیدانی سیاسەتدا دروست ئەبن, کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر چارەنووسی زەحمەتکێشان دائەنێ.
لێرەدا بەشداری ژنانی کرێکار_ نەك بە تەنها ئەندامانی وشیاری حیزب, بەڵکە ژنانی غەیرە حیزبی و کەسانێکیش کە کەمترین ئاگایی سیاسییان هەیە, پێویستە. لێرەدا دەسەڵاتی سۆڤێتی بوارێکی فراوان بۆ چالاکی, لەبەردەم ژنانی کرێکاردا ئەکاتەوە.
ئێمە سەردەمێك, کێشەی گەورەمان لە تێکۆشان لە دژی هێزگەلی دوژمنی ڕوسیای سۆڤێتی, کە هێرشیان ئەکردە سەر, هەبوو. ئەوە بۆ ئێمە سەخت بوو کە, لە یەك کاتدا, لە لایەك لە مەیدانی جەنگ لە دژی ئەو هێزانەی کە

هێرش بۆسەر دەسەڵاتی زەحمەتکێشان ئەهێنن, لە لایەکی دی لە مەیدانی مەوادی خۆراکی لە دژی سەوداگەران (المضاربین) تێبکۆشین, چونکە ژمارەی ئەو زەحمەتکێشانەی کە لە ناخی دڵەوە, بە هێزی کاری خۆیان, بۆ کۆمەکی ئێمە دێن, کەم بوون. لێرەدا بۆ دەسەڵاتی سۆڤێتی, هیچ شتێك بە ئەندازەی کۆمەکی جەماوەری ژنانی کرێکاری ناحیزبی بە نرخ نییە. ئەوان ڕەنگە ئەوە بزانن کە, لە کۆمەڵگەی کۆنی بۆرژوازیدا, بەشداریکردن لە سیاسەت, پێویستی بە فێرکارییەکی ئاڵۆز هەبوو, کە ژنان دەستیان پێی ڕانەدەگەییشت. بەڵام ئەرکی سەرەکی سەر ئەستۆی کۆماری سۆڤێتی لە زەمینەی سیاسیدا, تێکۆشانە لە دژی دەرەبەگ و سەرمایەداران, تێکۆشانە بۆ نەهێشتنی وەبەرهێنان. بەم پێیە, لە کۆماری سۆڤێتییدا, بوار بۆ ژنانی کرێکار ئاوەڵایە, تاوەکوو چالاکی سیاسی ئەنجام بدەن, کە ئەویش بەکاربردنی توانای ڕێکخراوەیی خۆیانە بۆ کۆمەککردنی کرێکارانی پیاو.

ئێمە تەنها پێویستمان بە کاری ڕێکخستنی ملیۆنەهای خەڵك نیە و بەس, بەڵکوو پێویستمان بە کاری ڕێکخستن لە بچووکترین ئاستیدا, کە بۆ ژنان هەلی کارکردن ئەرەخسێنێ, هەیە. ژنان لە هەلومەرجی جەنگیشدا دەتوانن کار بکەن, کاتێك مەبەست لەوە کۆمەککردنی سوپا و هاندان لە نێو سوپادا بێت. ژنان ئەبێت ڕۆڵی چالاك لە سەرجەم ئەمانەدا بگێڕن, تا سوپای سور ببینن, بایەخیان پێ ئەدرێ و بەتەنگیانەوەن. هەروەها ژنان دەتوانن لە بواری دابەشکردنی خۆراك و چاککردنی خواردنی جەماوەریی, لە





پەرەپێدانی چێشتخانە, هەروەکوو چۆن ئێستا لە پێترۆگراد بە فراوانی دامەزراوون کار بکەن.

لە مەیدانگەلێکی ئاوەهادایە کە, هەڵسوڕانی ژنانی کرێکار, گەورەترین بایەخی ڕێکخراوەیی بەدەستئەهێنێ. هەروەها, بەشداری ژنان لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی مەزرا گەورە ئەزمونگەرییەکان پێویستە, تاوەکوو ئەم کارە بۆ چەند کەسێك نەبێت. ئەمە شتێکە, بە بێ بەشداری ژمارەیەکی بەرفراوانی ژنانی کرێکار, ناکرێت جێبەجێ بکرێت. ژنانی کرێکار, لە مەیدانی چاودێریکردنی دابەشکردنی خۆراك و ئامادەکردنی بە شێوەیەکی ساناتر, زۆر بە سود ئەبن. ئەم کارە بە تەواویی لە توانای ژنانی کرێکاری ناحیزبیدایە, لە کاتێکدا بە ئەنجامگەیاندنی ئەم کارە, زیاتر لە هەر شتێکی دی, کۆمەڵگای سۆسیالیستی تۆکمە ئەکات.

دەسەڵاتی سۆڤێتی کە خاوەنداریێتی تایبەتی زەوی و نزیك بە تەواوی خاوەنداریێتی کارگا و کارخانەکانی هەڵوەشاندەوە, هەوڵ ئەدات کە تێکڕای زەحمەتکێشان, نەك بەتەنها هەر حیزبییەکان بەڵکوو ناحیزبییەکانیش, نەك بە تەنها هەر پیاوان بەڵکوو ژنانیش, لەو بونیادە ئابوورییەدا بەشداری بکەن. کارێك کە دەسەڵاتی سۆڤێتی دەستی پێی داوە, تەنها ئەو دەمە دەچێتە بەر, کە لە جیاتی سەدەها کەس ملیۆنەها و ملیۆنەها لە ژنان لە سەرتاسەری ڕوسیادا هاوبەشی تێدا بکەن. ئێمە دڵنیاین کە ئەو دەمە, مەسەلەی بنیاتنانی سۆسیالیزم دەچەسپێت. ئەو کاتە زەحمەتکێشان نیشانی ئەدەن کە, ئەوان بە بێ کۆمەکی فیۆداڵ و سەرمایەداران ئەتوانن

بژێن و ئابوری بەڕێوەبەرن (وڵات بەڕێوەبەرن/ و. کوردی). ئەو کاتە, بیناى سۆسیالیستی لە ڕوسیادا لەسەر پایەیەکی وا تۆکمە دائەمەزرێت کە, هیچ دوژمنێکی دەرەکی لە تێکرای وڵاتان و هیچ دوژمنێك لە ناوەوەی ڕوسیادا, مەترسییەك بۆ کۆماری سۆڤێتی پێکناهێنن.

--------------------------------

## تێبینییەکان

(1) ئەم وتارە بۆ یەکەم جار لە ژمارە "213"ی ڕۆژنامەی "پراڤدا", لە 25 سێپتەمبەری ساڵی 1919 بە چاپ گەییشتووە.

(2) کولتشاك ا. ف. (1873- 1920) ئەمیراڵ (سوپاسالاری دەریایی)یێکی تزاری, پاشایەتی بوو. سەرکردایەتی شۆڕشی چەواشەی لە ئۆراڵ و سیبیریا ئەکرد و بە پشتیوانی هاوپەیمانان, بانگەشەی "فەرمانڕەوای باڵا"ی ڕوسیای بۆ خۆی ئەکرد. لە ساڵی 1919, سوپای سور هێزە چەکدارەکانی کولتشاك و هێزە یاریدەرەکانی, واتە, هێزی ئینگلیزەکان, فەرەنسییەکان, ئەمریکییەکان و ژاپۆنەکان, تێکشکاند.

(3) دینیکین ا. ای. (1872- 1947) ژەنەراڵێکی تزاری, پاشایەتی بوو. لە ساڵی 1919, بە کۆمەکی هاوپەیمانان, دیکتاتۆرییەکی





سەربازی بۆرژوا_ فیۆداڵی لە باشوری ڕوسیا و لە ئۆکرانیا دامەزراند.

(4) ئەنجومەنی دامەزرێنەران, لە لایەن حکومەتی سۆڤێتییەوە, لە 5ی کانونی دووەم (یانوەر)ی 1918 لە پێترۆگراد هاتە گرێدان. هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەران, بەپێی ئەو لیستانە بوو کە بەر لە شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر دانرابوون. پێکهاتەی ئەنجومەنی دامەزرێنەران ڕەنگدانەوەی ڕێژەی نێوان هێزەکان, لەو سەردەمەی کە دەسەڵات بە دەستی مۆنشەویکەکان, سۆسیال_شۆڕشگێڕەکان و کادێتەکانەوە بوو. قەڵشتێکی گەورە لە نێوان خواستی زۆربەی هەرە زۆری خەڵك, کە لە پاڵ دەسەڵاتی سۆڤێتیدا بوون, لەگەڵ سیاسەتێك کە زۆربەی سۆسیال_ شۆڕشگێڕەکان, مۆنشەویکەکان و کادێتەکان لە ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا گرتبوویانە بەر, کە گوزارشتی لە بەرژەوەندیی بۆرژوا و دەرەبەگەکان ئەکرد, لە ئارادابوو. ئەنجومەنی دامەزرێنەران, ڕازی نەبوو باسی "ڕاگەیاندنی مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و چەوساوە", کە لە لایەن بۆڵشەویکەکانەوە پێشکەش کرا, بکات و ڕازی نەبوو لایەنگریی لە بڕیاری کۆنگرەی دووەمی شوراکان سەبارەت بە ئاشتی و زەوی و گواستنەوەی دەسەڵات بۆ شوراکان بکات. لە دوای ئەوەی کە بۆڵشەویکەکان هەڵوێستی خۆیانیان ڕاگەیاند, ئەوانەی لە ئەنجومەنی دامەزرێنەراندا دوژمنایەتی خۆیانیان بە ئاشکرا لە دژی بەرژەوەندییە واقیعییەکانی زەحمەتکێشان پیشان دا, چوونە دەرەوە. لە 6

(19)ی کانونی دووەمی ساڵی 1918دا, ئەنجومەنی دامەزرێنەران, بە فەرمانی کۆمیتەی جێبەجێکردنی ناوەندیی سەرتاسەری ڕوسیا, هەڵوەشایەوە.

*

## سەرچاوە:

_ ماهي سلطة السوفييت؟ لينين, دار التقدم, موسكو, 1970
(بصدد مهام الحركة العمالية النسائية في الجمهورية السوفييتية)
_ وظائف جنبش زنان کارگر در جمهوری شوروی, لنین,
www.marxists.org/farsi/archive/lenin/works/1919/vazayefe-zanan.pdf

*

## وەرگێڕانی:

## سالار رەشید

17. 06. 2005